# چاوەڕوانیم چیتر ماچ ناداتە گۆچان



rawej_herani@yahoo.de



من هێشتا لەو دەنگە هەتیوانەی بەر لە ماچ تێنەگەیشتبوم...

کە خۆیان دەبرژاندە ژورە پڕ لە وەنەوشەیەکانی تیکئاڵان.....

من لە سەفەر .....

گومان وەک وانەیەک

فێربومو حەفزم کرد

کە لە ژێر سوخمەی عەشقدا بیشارمەوە

من لە سەفەر فێربوم...

شەر بە خەیالی میوانانی سەر کەنار بفرۆشمو

گۆچانێکشیان لە لم پێببەخشم....

لە شەپۆلەکان هەستمکرد........................................

خۆگەیاندنە لێوارە روتەکان

به بیرکردنەوەیکی سەخت نابێت

تا جلوبەرگە رەنگاورەنگەکانی بن جەستە فێنکبکەیتەوە



لە راهاتنم بوو... لە بیرکردنەوەی پڕ لە باران

وێنەیەک لە سەر پەلکی هەڵم ...

بدەمە خەونی ئەو نەورەسانەی ..

بۆ

نەزەر بە سەر رامانەکانم دەفرن

من کە دەترسام شەو بێمەوە ناو پیاسەکانی ژوری نوستن......

خۆ شاردنەوەم بوو ...لە هەمان بە بزماربونم

کە دەبوایە خۆم ببەخشمەوە ئاوریشمێکی سوتیان زەرد..

بە

دەفی ئاو....

لە سەمای کەشتیەکان حالی بوم....

با  چەندە بەختەوەرە بە کرنۆشی بۆ

چارۆگەکان و

چارۆگەکانیش چەند بە خێلی بە هاواری دەریا دەبەن

لە لەزەتو

لە پارچەپارچە بونیان...............

ماسیەکان....



هەموو بەرەبەیانیەک

بەر لە راموسانیان بە چاوە لاکێشە پڕ لە بازنەیەکەیاندا

تفیان لە شەپولەکان دەکرد و دەیانگوت...

له ساتێ............

دەیانجار..........

له دەیان شوێن....

نازانین چ خوێنێ ئەتکێ لێتان

مالەکانمان پڕ بوە

لە ئاردەدار و تەختەدار و تۆش..

له سەمای خۆت ناکەویت.......

من له دوری ئەو هەمو تابلۆیە نەک تەنیا یەکێ...

هیچ موکناتیسێ بزماری نەرمی منی

به خەیال نەگەیاندوە و

هیچ چەکۆشیکیش زمانی له جەستەی نەداوه و

نەگازیش بۆ کردنەوەی پەنجەرەکانی هەور

ژوانی لەگەل کردوه....

*راوێژ هیرانی*